ژمارەیەك لەحزب و ڕیکخراوەکانی فنلاند خوازیاری ئازادکردنی دەست بەجێ بۆ ( دکتۆر کەمال)

بە مەبەستی بە دەستهینانی پشتیوانەی حزب و ریکخراوە سیاسی و پیشەیەکانی فنلاند لە کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال، هەفتەی ڕابردو ڕێبوار عارف پەیوەندی لەگەل چەندین حزب و ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیدا گرت و قسەوباسی پێوێستیان لە پەیوەند بە ئازادی بیروراو ئازادی بەیان و ڕەخنەگرتن کرد لە کوردستان و بە تایبەت قسەوباسێکی زیاتر لەسەر چۆنیەتی دەسگیرکردن و حوکمدانی دکتۆر کەمال سەید قادر کراو پاشا داوای پشتگیری کردن و هەلویست گرتنیان لیٚ کرا. سەرئەنجام تا ئێستە سیٚ حزب و لایەنی سیاسی کەبریتی بوون لە حزبی کۆمۆنیستی فنلاند، یەکیەتی سوسیالیستەکان، ڕێکخراوی فۆرمی پشتگیری کردنی خۆیان لەم کەمپەینە ڕاگەیاندوەو نامەی نارەزایەتیان ناردوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و جەختیان لەسەر ئازاد کردنی بیٚ قەیدو شەرتی دکتۆر کەمال کردوە، کە ئەمە گۆشەیەك لە نامەی پشتگیریەکانی دوو لایەن یانە :

ئازادی بۆ دکتۆر کەمال

1– حزبی کۆمۆنیستی فنلاند حوکم دانی دکتۆر کەمال سەید قادر بە توندی ئیدانە دەکات و داوای ئازادکردنی دەست بەجی دەکەین.دکتۆر کەمال نووسەرو پاریزەرێکی ناسراوە کە ئاسایشی هەولیر لە ئوکتۆبەری 2005 دەستگیریان کرد. زیندانی کردنی دکتۆر مەمال نایاسای یەو پیشلی کردنی مافەکانی مۆرڤە. ئەویان بۆ ماوەی 30 سال حوکم داوە تەنها لەبەر ئەوەی کە چەند وتاریکی نووسیوەو بیرورای خۆی بەیان کردوە لە چەند سایتی ئەنتەرنیتدا. ئیمە داوا دەکەین دەستەلاتدارانیك کە ئەویان حکوم داوە بەزووترین کات دکتۆر کەمال ئازاد بکەن .

سەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی فنلاند

یۆریۆ هاکانین

☆☆☆☆☆☆☆☆

## دکتۆر کەمال دەبێت ئازاد کریت

یەکێتی سۆسیالیستەکان داوا دەکات کە دەبێت دەست بە جیٚ دکتۆر کەمال کە 30 ساڵ زیندانی بەسەردا دراوە، ئازاد بکریت. قادر وتاریٚکی نوسیبوو، کە تێیدا ڕەخنەی لە دەسەڵات گرتبو لە کوردستانی عێراق کە لا لایەن ئەمەریکاوە پیشتیوانی لیٚ دەکریٚت، بەمە حوکمی 30 ساڵ زیندانی وەرگرت. ئەگەر ڕۆژنامەوانیٚک 30 زیندانی لەسەر ئاشکراکردنی خراپی دەسەڵاتی ئێران یان سوریا وەرگریٚت، هەرایەکی گەورە لە ئەمەریکاو یەکێتی ئەوروپا دەنێتەوە. بەڵام نوسەری کورد کەمال سەید قادر، حوکمی 30 ساڵ زیندانی وەردەگریٚت لەسەر ڕەخنەگرتن لە مسعود بەرزانی، کە سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان(پدک) دەکات، کە ئەمەریکاش ششتطیري دەکات. پدک یەکێکە لەو دوو حزبە کە دەسەڵاتیان هەیە لە کوردستانی عێراق. ئەو جێگەیەی وەک نمونەیەکی نوێی دوای صدام پشان دەفریٚت.قادر لە مانگی 10دا لە لایەن سەربازەکانی پدک ەوە ڕفێندرا. قادری 48 ساڵ، لە ڤییننای نەمسا دەژی، بەڵام بۆ سەردان گەڕابۆوە بۆ کوردستان لە کاتی گرتنەکەیدا. ئەو یەکێکە لە ڕەخنەگری گەندەڵی و دەسەڵاتی تاک لە کوردستانی عێراق. پار ئەو نووسی "حزبە کوردیەکان کوردستانی عێراقیان کردوە بە قەڵایەک بۆ خۆیان، کە تێیدا ترسی چەوساندنەوە و ئەشکەنجە و ئەتککردن هەیە. "لە ژووری زیندانەوە لە هەولێر لە 16.12دا ئەو دەنوسیٚت "منیان ڕفاندن بە بیٚ ئەوەئ ناوم بپرسن، بیٚ ئەوەی پێم بلێم لەسەر چی، یان بۆ کویٚم دەبەن."هەروەها دەڵیٚت "ئیٚستاش زانیاریم نییە لەسەر ئەوەی کیٚ فەرمانی دەستگیرکردنی منی دا." قادر مافی مەحامی نەبوو وە حوکمی 30 ساڵ زیندانی لە دادگایەکی تایبەتدا وەرگرت لەسەر "بریندارکردنی دەسەڵاتی کورد." ........ گروپە کوردیەکان

دەترسن کە باری تەندروستی کەمال قادر زۆر خراپ بێت، بۆیە داوا ئازادکردنی دەست بەجێی دەکەن. یەکێتی سۆسیالیستەکان تەواو پاڵپشتی ئەم داوایە دەکات. داوا لە دەسەڵاتی فنلاند و سەرکۆمار دەکەین کە چالاکانە کار بکەن بۆ ئازادکردنی قادر. هەروەها زۆر گرنگە کە بزووتنەوەی دژی جەنگ ناڕەزایەتی دەربڕن دژێ حوکمەکەی قادر. بەڵگەکانی لایەنگرانی جەنگ دەربارەی دیموکراتی تەنها ڕستەیەکی قبزون دورن لە ڕاستی.

یەکیتی سوسیالیستەکان

☆☆☆☆☆☆☆☆

کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال دەستەی سەرپەرشتیار

2006/1 /26